بەکر علی وەک یەکەمین شاعیری تیرۆرکراو ...!... شوانێ حەسەن بەکر

بەکر علی شاعیر لە ١٩/٦/١٩٦٨ لە گەڕەکی کانیسکانی شاری سلیمانی لە دایکبووە، دەرفەتی خوێندنی تا پۆلی دووی ناوەندیی دەبێت، دواتر بەهۆی نەداری ناتوانێ درێژە بە خوێندن بدات، بۆیە ئەو بەردەوام دەبێت لەسەر خوێندنەوە و خۆپەروەردەکردن. بەکر عەلی لەناو خێزانێکیدا بە گوێ سوورکەی حامیە ناسراو بوو، لەبەر ئەوەی زۆر خۆشەویست بوو لەناو چینی هەژار و هەنجەران بەتایبەتیش لەناو خێزکی حامیە کە هەموویان هەژار بوون؛ ئەو وەک داکیکارێکی سەخت بە مافەکانی خێزکی حامیە دەجەنگا، لەگەڵ ئەمەشدا نووسینی شیعری دەداری و ناسک بووە هەی ئەوەی پێیبڵێن: "گوێ سورکەی حامیە".

لە ساڵی ١٩٩٤ دەبێت بە نوێنەری خێزکی حامیە بە نامۆزایەتی و وەستانەوە دژی بەیاری ڕوخاندنی خانوکانی ئەو ناوچەیە و کردنی بە پاک، جێگای ئاماژەیە گشت خێزکی حامیە هەژار و نەدار بوون، بەکر عەلیش وەک مرۆڤدۆست و کەسێک کە بەوای بە هزری چەپخوازیی هەبووە بەرگری لەم خێزکە کردووە.

لە یەکی ئایاری جێژنی کرێکاراندا، لە یاریگای سلێمانی بەناوی خێزکی حامیە وتارێک پێشکەش دەکات ڕووی دەمی دەکاتە دەسەڵاتدارانی سلێمانی و دەڵێت: "ئەوە کە بیر لە گەینی ئەو ژیانە (قوینە)مان ناکەنەوە بە ژیانێکی وەک هی خۆتان (گوێین) بە هەندەشمان پێ ڕەوا نابینن؟" (فەریدون عارف: ٢٠١٥: ل٢٢) بەم شێوەیە وتارێکی پێ لە حەماسەت پێشکەش دەکات، هەر ئەمەش وادەکات دەسەڵاتدارانی شارەکە هەراسان بکات و لەمە بەدواوە دەکەونە دوای و دەستگیری دەکەن، دواتر ئازاد دەکرێت.
جێگای ئاماژەیە لە لایەن ژمارەیی بەعسیش لە ساڵی ١٩٨٧ دەستگیر دەکرێت، بەتەمەتی هەنانی پێشمەرگە بەناو شار دوای چوار مانگ ئێشکەنجە و ئازار ئازادی دەکەن. لە ساڵی ١٩٨٩ دوو جار لەلایەن ژمارەوە دەستگیر دەکرێت و دوای ماوەک ئازاد دەکرێت.

دوای قوە بوونەوەی کۆشەی خانووە بەتاپۆکانی حامیە "لە ١٧/٨/١٩٩٤ لەلاین ئاسایشی سلێمانییەوە لە نیوەیەکدا و لە ماڵە قوینەکەی

خەیدا لە حامید، دەستگیر دەکرێت و ماوەی شەش هەڤز لە ئاسایشی سلەمانی بەند دەکرێت. وەک خەی دواتر بە هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی گەیاندوویەتی، کەسێک لە دەرەوەی ئاسایشەوە دەست و بەشەویکی وەحشتناک ئەشکەنجەی دەدرێت." (فەریدون عارف؛ ٢٠١٥؛ ل٢٦)
وا بەیار بوو لە ١/٩ دا خانوەکان بەسەر خەڵکی حامید بوخرێنن، لەو هەڤڕکێیەدا خەڵکەکە بەیاریدا خەپیشاندانەکی هەمنانە بکات لە بەردەمی قایمقامی شارەکە، بەکر علی یەکێک بوو لە سەرکیترین نوێنەرەکانی خەڵکی ناوازی، دوای گرد بوونەوە، پاسەوانەکان بەزەبری هەز کەوتنە بەاوە پەکردنی خەپیشاندەران، دوای دەستنیشانکردنی بەکر علی چەکدارەکان لە پشتەوە گولەیەکی لەدەدەن، دواتر چەکدارێک دەگاتە سەر سەری گوللەیەک دانە بەناو دەمیەوە و شەهید دەبێت.

بەکر عەلی ١٤ هەڤز بەر لە شەهیدکردنی لەلایەن ئاسایشی سلەمانییەوە دەستگیر کرا بوو. دوای ٦ هەڤز لە ئازار و ئەشکەنجەدان ئازاد دەکرێت، ٨ هەڤز بەسەر ئازاد کردنی تەناپەت زیر بە نامەردانە شەهیدی دەکەن. شەهید کردنیشی پیلان بە داهێزراو بووە و پێشتریش هەوڵەشێی کوشتنی لەکراوە. ئەو لە یەکێک لە یاداشتەکانیدا دەنووسێت "بەلای منەوە کەوتنی مرۆڤێک، بەقەد بەربوونەوەی ئەستێرەیەک سەرنجڕاکیشە، تەنانەت هەرئەم هەستەش بوو وای لەکردم بەو پەڕی پەستی و بە ئارامییەوە بڵێم: با شۆقامەکان بگوێ سوور کەین، نەک بە خوێن." (فەریدون عارف؛ ٢٠١٥؛ ل١٣٠-١٣١)
شاعیر جەند شیعر و دەقی شانۆی نووسیوە، یەکەم نامیلکە شیعری بەناوی ئەو شەوانەی لە پرچەکانت هەشترن بوو کە لە ١٦ دەقی شیعری پێکهاتوە، دوای شەهید کردنیشی چەند دانە شیعرێکیتری بڵاوکراوەتەوە. یەکەمین دەقی شانۆی بەناوی تریشقەکان بوو، و لە هەوڵبجە پێش دووماڵنگ لە شەهیدکردنی نووسی و پێشکەشکرا.

بەکر عەلی شاعیرێکی ئارام و لەسەر خە بووە، بەڵام یاخی بووە و سازشی لەسەر ڕاستی و دوونیا بینی خەی نەکردووە. خاوەنی پەرنسیپی خەی بووە بە ژیان، ئەمەش لە چاڵاکی و هەوڵستەکانی هەڵنگیداوەتەوە. هەروەکو لە یادی دووەم ساڵوەگەری ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١دا، یەکێتی نووسەرانی کوردی کەڵکی شیعری هەڵکدەخێن بە شاعیران، بەکر عەلیش وەک شاعیرێك بەژدار دەبێت. هەموو بەژدار بووان شیعری نشتیمانیی و نەتەوەیی دەخوێنەوە، بەڵام بەکر عەلی جیاواز دەردەکەوێت و شیعرێکی سەزداری دەخوێنێتەوە. هەرچەندە دەبێتە مایەی خەشحاڵی میواندارن، بەڵام بەشێک لە ئامادە بووان هەڵخنەی لەدەگرن.

لە ئاکامی ئەشکەنجەدا بەکر عەلی لە دەفتەری یادداشتەکانیدا لەو شوێنەدا دەنووسێت: "من هەمیشە لە سەنگەردام، چاوەڕوانی نیم هیچ کام لە پارتەکان سەبارەت بگەیەنن ئەو هەڵمەتچانە بەدەنگ و نهێنییەی ناوەوەم، یان بە واتایەکی تر من لەو میهرەجانەدا ویستم ئەوە بسەلمێنم، کە هەرگیز خەم بە کەسێک بابەتی بەر مایکرۆفۆن نەزانیوە و ناشزانم. من هەندە ئەرکی نشتیمانی هەن، نایاندەم بە قەڵەمەکەم و سوالی چەپاڵەش ناکەم و بەنیازیش نیم خەم تەرشیح بکەم، بە دەزگایەکی باڵا، تا شیعر و نەزانێ پاسپۆرتی ئەو خوێنەم بن. بە نانەزانم؟!." (فەرەیدون عارف: ٢٠١٥: ل٢١)

ئەم یاخی بوون و هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی شاعیر لە یەکێک لە شیعرەکانی بەناوی "زایەڵەی شەو" ڕەنگی داوەتەوە و دەڵێت:

"بە چیتان ئەوە بمکەن، بەس..
رازی نابم گوڵان بکرێن بە پەڵاوی هیچ گەورەیەک
وەکو گوڵەی دار پرتەقاڵەکی باشوور
هەوەرینم بەس بەتەنها بریتی بیت لە لەنجەیەک
زەر شەو بە دزی شەوەو.. داوەتی مانگشەو ئەکەم
ئەو کاتەی کە (شا)ش نووستوە..
من تازە خەریکە، شارو
شیعرە نوە کەم.. لە خەو ئەکەم" (بەکر عەلی: ٢٠١٥؛ ل٨٥)

بەکر عەلی، ٢٥ دەقی شیعری هەیە، کە بەگشتی باگراوەندەکی دەداریان هەیە. بەڵام لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی دەتوانین چەندان مانای لەهەڵنجین و لە چەند ڕەهەندێکەوە لێی بکۆڵینەوە. بەکر شیعری وەک قەڵغانێک بەکاری هێناوە بە وەستانەوە لە دژی نادادیی و نایەکسانیی ژیان، هەروەها لە ڕەگەزی شیعرەوە ژیانی خۆی بەیانکردووە و مانای بەبوونداوە. هەر ڕەگەزی شیعریش بوو کە وایکرد بەنەمری بمێنێتەوە.